به بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# ڕامان و پاراستنی سەرچاوەی متمانەپێکراو


**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**


لـە سـەردەمی دیجیتاڵیزەبوونـی هەمـوو دیاردەکانی ژیانـی مـرۆڤ، هونـەر و ئەدەبیاتیـش بەشـێک لـەو دەرفـەت و خەسـارەیان وەبـەر کەوتـووە کـە گۆڕانکارییەکانـی ئـەو بـوارە لـە دنیـادا بەدییـان هێنـاوە. دەرفـەت؛ وەک ڕەخسـانی بوارێـک بـۆ بڵاوبوونـەوەی بیـر و ئەندێشـە و نووسـینی نـوێ و خەسار وەک نەمانـی لەمپـەر و پاڵوێنە بۆ هەڵاواردنی بابەتـی زانستی، میتۆدێک و چوارچێوەدار لە بواری ئەدەبیـات و هونـەردا.

لـە سـەردەمی پێشـوودا هـەر گۆڤـار و بڵاڤۆکێـک بـە پێـی پـلان و بەرنامـە و ئـەو سیاسـەتانەی کە بۆ گۆڤارەکەیـان دادەڕشت، هـەم جەمـاوەری بەردەنگی خۆیـان دیـاری دەکـرد و هــەم جەمـاوەری ئـەو نووسـەر و قەڵەمانـەی کـە دەیانتوانی ئـەو بەرهەمـە فیکـری و ئەدەبـی و کولتـووری و فەرهەنگییانـە بەرهـەم بێنـن کـە پێویسـتی ئـەو گۆڤارەیـە.

لـە لایەکـی دیکـەوە هـەر گۆڤارێـک دەسـتەیەکی بەڕێوەبـەری پسـپۆڕ لـە بـوارە جـودا جوداکانیـدا هەبـوو، کـە هەڵسـەنگێنەری ئاسـتی نووسـین، زمـان، شـێوازی داڕشـتنی زانسـتی، شێوازی داڕشـتنی زمانی و ...ی بابەتـەکان بـوون و بـەو پێیـە هەمـوو بابەتێک نەیدەتوانـی ڕەنگـی چـاپ و بڵاوبوونـەوە بـە خۆیـەوە ببینـێ. نووسـەر دەبـوو بـە ئاسـتێک لـە توانایـی زانسـتی و هونـەری و زمانـی بـگات کـە بەرهەمەکـەی شـیاوی بڵاوکردنـەوە بـێ.

یەکێـک لـە خەسـارەکانی دیجیتاڵیزەبـوون و بـە جیهانیبوونـی کولتـوور و فەرهەنـگ، نەمانـی ئـەو پاڵوێنـە زانسـتییەیە کـە لـەو ڕێگەیـەوە ناسـینی ئاسـتێکە نووسـەر و هونەرمەنـد و شـاعیر دەبـێ پێـی بـگا و حەولـی بـۆ بـدا. بـە شـێوەیەک لـەو جیهانـەدا زۆربـەی بەرهەمـەکان بـە یـەک چـاو دەبینرێـن و دەخوێنرێنـەوە و وەچـەی نـوێ دەرفـەت و توانایـی لێـک هەڵاواردنـی بابەتـی بـاش و خراپـی نییـە.

بۆیـە ئـەو پەراوێـز و کورتەیـەم ورووژاند، تـا باسـی ئـەوە بکـەم کـە لـە سـەردەمی ئێمـەدا زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو گۆڤـار و بڵاڤۆکـە کاغەزییانـەی کە ئێسـتاش بـڵاو دەبنـەوە، ئەگەرچـی بەڕێوەبـەر، یـان دەسـتەی نووسەرانیشـیان هەیـە، بـەڵام زۆربـەی بابەتەکانیـان لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان وەردەگـرن، ئـەو بابەتانـەش هەمـان ئـەو بابەتانـەن کـە قسـەیان لەسـەرە و دەبـوو لەوەپێـش بـە پاڵوێنـەی زانسـتی و ڕەوشـمەندی و

هونەرییووندا تێپەڕیبایەن، واتا بە زمانێکی ساکارتر لە دنیای ئەوڕۆدا دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکان کەمترین گرنگایەتی بە شێوازی نووسین، میتۆدی نووسین، تەنانەت ئۆرجینالبوونی دەقەکان دەدەن، چون بەشی زۆری دەقەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرن. لە لایەکی دیکەوە کێشەیەکی نوێش کە بۆ هەموو بڵاڤۆکەکان هاتووەتە ئارا، ئەوەیە کە نووسەرانی جیددی و خاوەن میتۆدیش کەمتر ئاوڕ لە بڵاڤۆکە کاغەزییەکان دەدەنەوە و لە کەشی دنیای ئەلیکترۆنی زیاتر کەڵک وەردەگرن. هەر دوو لای بابەتەکە کێشە بۆ گۆڤارە جیدییەکان دروست دەکا.

لەو نێوەدا گۆڤاری ڕامان لە سی ساڵی ڕابوردوودا تاقە گۆڤارێک بووە کە خاوەن ئەو تایبەتمەندییانەیە کە گۆڤارێکی سەربەخۆی بەتوانست و خاوەن میتۆد ڕەچاوی دەکا. یەکەم شت کە پێویستە باس بکرێ ئەوەیە کە ئەو گۆڤارە چەندە گرینگی بە بابەتی زمان دەدا، ئەو بابەتی زمانە لە بواری ڕێنووسەوە تا ڕێزمان و شێوازی ڕستەسازی دەگرێتەوە. چون دنیای ڕاگەیەنەی ئەوڕۆی کوردستان، بەداخەوە لە باری زمانییەوە، بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا ئاڵۆزە و کەمترین بایەخ بە لایەنی زمانی دەدرێ، نووسەران ئەوەندەی لە بیری زۆر نووسیندان، لەخەمی چۆن نووسین و دروست نووسیندا نین، ڕێسا و یاسا زمانییەکان بە دروستی ڕەچاو ناکرێ. دەقەکان پێچیاو و ڕستەسازی ناڕوون و لێڵیان هەیە و سەر لە خوێنەر و بەردەنگ دەشێوێ. وەکی دەزانین هەر زمانێک خاوەن ڕێساکانی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو ڕێسایانەی کە لەواندا بۆ وێنە دیاری کراوە «کار» و «بەرکار» و «بکەر» لە کوێی ڕستەدا جێ دەگرن. «ناو» و «ئاوەڵناو» چۆن کەڵکیان لێوەردەگیرێ؟ شوێنی «وردە واژە» کوێیە و «ئامرازی پێوەندی» چۆن دەکار دەکرێ و زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانە کە بە گشتی ڕێزمانی پێ دەگوترێ.

لە هەنگاوی سەرەتادا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێ کە پاژی یەکەمی باسکراو لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشە، بەڵام ئەوەی کە یاسا و ڕێسای زمانەکان لە خۆ دەگرێ و لە چوارچێوەی زمانناسی زانستیدا باسی لێدەکرێ، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی و دیارە لەو نێوەدا زمانی کوردییش لەو تایبەتمەندییانە بێبەش نییە، واتە زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی بۆ وێنە لەگەڵ زمانی فارسی نزیکایەتی هەیە و لە باری ڕێزمانیشەوە ڕەنگە هاوبەشێتییان هەبێ، لە لایەکیشەوە لەگەڵ زمانی عەرەبی لە ئاستی خواستنەوەی وشە و کاریگەرێتی لە بواری وشەوە، زمانی کوردی و ئەو دەقانەی پێشتر بەرهەم هاتوون و هەڵبەت زۆربەی ئەو نووسین و بەرهەمە ڕادیۆیی و تەلەڤزیۆنیانەی ئەوڕۆی باشووری کوردستان،



کەوتوونەتە ژێر کارتێکەری ئەو زمانەوە، بەڵام بەو پێیەش زمانێکی سەربەخۆیە.

دیارە هەر بە حوکمی ئەو سەربەخۆیی و خاوەن شوناس بوونەش، دەبێ یاسا و ڕێسای تایبەتی هەبێ و ئەو یاسا و ڕێسایانە لە لایەن نووسەرانییەوە ڕەچاو بکرێن، بۆیەش ئاخێوەران ناڵێم؛ چون پێم وایە بەشێکی زۆری ئاخێوەران بە شێوەی سروشتی یاساکان دەپارێزن و ئەوەندەش کە تووشی شێوانی زمانی دێن، بەشێکی هەرەزۆری لە ئاکامی کەڵک وەرگرتنی هەڵە و ناڕاستی ڕێسا زمانییەکانە لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە.

ئەوەی بە دەیان جار و لە دەیان کەناڵەوە ئەو بابەتە خراوەتە بەرباس کە شێوەی ڕستەسازی لە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی باشووری کوردستان، بەشێکی زۆری پێڕەوی ڕێساکانی ڕستەسازی زمانی عەرەبییە، یەک لەو نموونانەیە. ئەو نموونانەی کە بەشی زۆریان ئێستاکەش بە پانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ و هەر ئەو هەڵانە لە لایەن نووسەرانیشەوە دووپات دەکرێتەوە، چون جاری وایە بە هۆی دووپاتبوونەوەی زۆر و جاری واشە بە هۆی تێنەگەیشتن لە واتای دروستی وشە و ڕستەسازی نامۆ و ناڕاستە، کە تەنانەت لە ڕێسای زمانە سەرەکییەکەش لادەدەین. لەو کەشە ئاڵۆز و پڕ کێشەیەدا گۆڤاری (ڕامان) لە سی ساڵی ڕابوردوودا ڕێنووسی تایبەتی خۆی هەبووە. واتە سەرنووسەر و نووسەرانی ئەو گۆڤارە، کۆی بابەت و دەقەکانی گۆڤاری ڕامان لە هەموو مانگێکدا دەخوێنێتەوە و دەیانهێنێتە سەر ڕێنووسێک کە گۆڤارەکەی پێ نووسراوە و ناسراوە.

بابەتی دووەم، دابەشکارییەکە کە لە بەینی بەشە جیاوازەکانی گۆڤارەکەدا کراوە، واتە گۆڤاری ڕامان بە هۆی ئەوەی گۆڤارێکە قەبارەیەکی گەورە و ژمارەی لاپەڕەی زۆری هەیە، حەولی داوە بە درێژایی ئەو سی ساڵە چەند بواری جیاواز بگرێتە خۆ، ئەو بوارانە بریتین لە چیرۆک، شیعر، وتاری خۆماڵی، وتاری بیانی، وەرگێڕانی ئەدەبی گەلان، فەلسەفە، هزر، تیۆری ئەدەبی، ڕەخنە، زمان، مێژوو، بابەتی کولتوور و ... بۆ هەر کام لەو بەشانە بە درێژایی سی ساڵی ڕابوردوودا، ڕامان حەولی داوە چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەبێ و بابەتەکان لە ئاستێکی دیاریکراو دانەبەزن، واتە هەر بابەتێک بە هەر ئاست و زمان و میتۆدێک بڵاو ناکرێتەوە.

بەشی دەق لە گۆڤاری (ڕامان)دا، هەڵگری ئەو دەقانەیە کە نووسەری کورد خوڵقاندوونی و دەقی شیعر و چیرۆک و شانۆنامە دەگرێتەوە. دیارە ئەو بەشە گرینگی زۆری هەیە، چون ئەوەی کە دواتر ئەدەبیات و زمانی ئێمە فراوانتر و بەربڵاوتر دەکاتەوە، ئەو دەقانەن کە نووسەری کورد لە بواری شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و ژانرەکانی دیکەی ئەدەبیاتدا بەرهەمیان دێنێ. ڕامان هەر لە سەرەتاوە گرنگییەکی زۆری بە دەقی نووسەرانی کورد داوە و ئەو بەشە، بەشێکی سەرەکی گۆڤاری ڕامان بووە و لەو ڕێگەیەوە نووسەرانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان، چ لە باری ناوەرۆک و چ لەباری فۆرم و شێواز و تەکنیکەوە ئاگایان لە دەقی یەکترە. ئەو گۆڤارە دەلاقەیەکی بەردەوام ڕووناک بووە بۆوەی نووسەرانی کورد بە سەلیقە و بیر و میتۆدی جوداوە دەقی یەکتر بناسن، واتە بە پێی کۆی ئەو دەقە خۆماڵیانەی ڕامان بڵاوی کردوونەتەوە، دەکرێ بە خوێندنەوەی ئارشیڤ، یان کۆی دەقەکان، نەخشە و پلانێک بۆ هەڵچوون و داچوونی دەقی کوردی لە ناوچە جیاوازەکان دابنێی. دەقی ئەو ناوچە و پارچە جودایانەی کوردستان پێک بگری. بە پێی دەقی هەر پارچەیەک، مەیدان و کەشی ئەدەبی ئەو پارچەیە بناسی و گوتاری زاڵی ئەدەبی و هونەری بناسییەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو ڕەنگاوڕەنگییە، ئەو توانایییە بۆ نووسەرانی کورد

لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەڕەخسێنێ کە داهێنەرێتی یەکتر ببینن و کاریگەری لە یەکتر وەربگرن، بیروڕا لە ڕێی دەقەکانیانەوە بگۆڕنەوە.
ئەوە خاڵێکی یەکجار بەهێزی گۆڤاری (ڕامان)ە و تا ئێستا توانیویەتی نووسەرانی باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان و نووسەرانی دیاسپۆراش لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە، دەقەکانیان وەربگرێ و بڵاویان بکاتەوە، بەو شێوەیە بوارێک بۆ دەقی کوردی بڕەخسێ کە نووسەری کورد سەرەڕای ئەوەی کە لێک بڵاون و لێک دوورن، بەڵام بتوانن مانگانە دەق و داهێنانی یەکتر ببینن و ئاگایان لە جووڵە و بزاڤە هونەرییەکانی یەکتر بێ.
بەشێکی گرینگی دیکەی گۆڤاری ڕامان، بەشی هەڤپەیڤین و دیمانە و وتووێژە. هەر لە سەرەتاوە گۆڤاری ڕامان بایەخێکی زۆری بە بەشی هەڤپەیڤین و وتووێژ داوە، تا ئێستاش چەند کتێبی باش لەو وتووێژانە بەرهەم هاتووە و لە لایەن سەرنووسەری گۆڤار، مامۆستا ئازاد عەبدولواحیدەوە بڵاو کراونەتەوە. وتووێژ لەگەڵ نەوەی یەکەمی نووسەرانی هەڵکەوتووی کورد، کە دواتر بەشێک لەوانە تەنانەت لە چوارچێوەی کتێبیشدا بڵاو کراونەتەوە. وەک کتێبی وتووێژ لەگەڵ مامۆستا شکور مستەفا، عەبدولڕەقیب یووسف و د. مارف خەزنەدار، د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مستەفا ساڵح کەریم، عوسمان هەورامی، ... ئەو وتووێژانە هەم لە گۆڤارەکە و هەم بە تێر و تەسەلیش لە چوارچێوەی کتێبدا بڵاو بوونەتەوە. وتووێژەکان بە تایبەت لەگەڵ پسپۆڕ و مامۆستایانی خاوەن توانایی، لقوپۆپیان لێ بووەتەوە و لە چوارچێوەی کتێبدا گونجاون و بڵاو کراونەتەوە. چەند بەرگ کتێبیش لەو وتووێژانە بە ناوی کتێبی گفتوگۆ بڵاوکراونەتەوە کە ئەوانەش هەر کام وتوێژی دەیان نووسەر و هونەرمەندی کوردی تێدان و دەکرێ ببنە سەرچاوەی باش بۆ توێژینەوەکان لە داهاتوودا. چون هەر کام لەو نووسەرانە خۆیان خاوەن شێوازن و قسە و بیر و بۆچوونی ئەوان لە بواری پسپۆڕی خۆیاندا جێگەی متمانەیە و دەکرێ نووسەرانی دیکە پشتی پێ ببەستن.
لەو بوارە دا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە سیما دیارەکانی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگ و زمانی کوردی لە سیساڵی ڕابوردوودا لە دەلاقەی (ڕامان)ەوە، توانیویانە ڕا و بۆچوونی خۆیان بە بێ سانسۆر و بە شێوەیەکی ئازادانە لە چوارچێوەی وتووێژدا دەر ببڕن. بواری باسەکانیش فرەڕەهەند و فرەڕەنگ بووە و نووسەران لەسەر لایەنە جیاوازەکانی هونەر، جوانیناسی، ئەدەبیات، سیاسەت، مۆسیقا و ... قسەیان کردووە.
لە لایەکی دیکەشەوە ئەو کەسانەی کە هەڵبژێردراون بۆ وەی قسە بکەن، تەنیا چالاکان و داهێنەرانی یەک بوار نەبوون، لەنێو ئەوانەدا لە نووسەر و زمانەوانی وەک شوکور مستەفاوە تا چیرۆکنووسی خاوەن توانایی وەک عەتا نەهایی، شێرزاد حەسەن، بەختیار عەلی و ... مۆزیسیەنی وەک حوسێن یووسف زەمانی، موجتەبا میرزادە، کامکارەکان، عەندەلیبییەکان و ... نووسەرانی کورد کە بە زمانی بیانی دەنووسن وەک ئیبراهیمی یوونسی و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، نووسەرانی بواری شانۆنامەنووسیی و شانۆکار، بە گشتی زۆر لە پسپۆڕانی بوارە خودا جوداکانی هونەر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە بەشی هەڤپەیڤیندا لایان لێ کراوەتەوە و ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. ئەوە دەرفەتێک بوو کە ڕامان قۆستوویەتییەوە بۆ تۆمار کردنی تەنانەت بەشێک لە مێژووی زارەکی ئەو بوارانە، چون نووسەران و هونەرمەندانی بوارە باس کراوەکان جودا لەوەی باسی کار و بەرهەمی خۆیان کردووە و جاری وایە زەمینە و بوار و مێژینەی سەرهەڵدانی ئەو بەشە هونەرییەیان لە سەردەمی خۆشیاندا گێڕاوەتەوە. بەو کارە

هـەم بۆچوونـی نـەوەی پێشـووی هونـەر و ئەدەبـی کـوردی تۆمـار کـراوە و هـەم بەشـێکی زۆر لەوانـە ئێسـتا بـە داخـەوە نەمـاون، بـەڵام وتووێژەکانیـان سـەرچاوەی بیـر و دەربـڕی ئەندێشـە و جوانیناسـی ئەوانـە و ئێمـە دەتوانیـن هـەم ئێسـتا کەڵکیـان لـێ وەربگریـن و هـەم وەک میراتێـک بـۆ داهاتـوو دەمێننـەوە. هـەر لـەو بەشـەدا گرنگـی دراوە بـە هێندێک لـە هونەرمەندانـی لاو کـە ئەوانیش بتوانن بیـروڕای خۆیـان لەسـەر هێنـدێ لـە چەمـک و بابەتـە فەلسـەفی و ئەدەبـی و هونەرییـەکان دەرببـڕن و بـەو شـێوەیە بەردەنگـی تـازە لەگـەڵ نەوەیەکـی دیکـەش ئاشـنا بـن و بیـروڕای ئـەوان بخوێنێتـەوە.

**بەشـی ڕەخنـە:** دیـارە هیـچ گۆڤـار و بڵاڤۆکێـک بەبـێ ڕەخنـە ناتوانـێ کاریگـەری هەبـێ، نووسـەرانی هـەرە گـەورەی دنیـا لـە چوارچێـوەی ڕەخنەکانـەوە و لـە دەلاقـەی ئـەو گۆڤـار و ڕۆژنامانـەوە کـە لـە سـەردەمی خۆیانـدا دەرچـوون و ڕەخنەیـان بڵاوکردووەتـەوە و لەگـەڵ ئـەدەب و زمانی دنیا ئاشـنا بـوون. بـۆ وێنـە ئەگـەر سـەرنج بدەیـن بڵاوبوونـەوەی دەقێکـی وەک «ئاناباز»ی «سـان ژۆن پێـرس» کـە لـە گۆڤارێکدا بـڵاو دەبێتـەوە و دواتـر شـاعیری مەزن «تـی. ئێـس. ئیلیـەت» دەیبینـێ و وەری دەگێـڕێ و لەسـەر دەقەکـە وتووێژێکـی قەڵەمـی لـە نێوانیانـدا سـاز دەبـێ و لـە ئاکامـدا هـەم پێـرس دەناسـرێ و هـەم ئاناباز و ... مێـژووی ئەدەبـی گـەلان پـڕە لـە ڕووداوی وا کـە بڵاڤـۆک و گۆڤـارەکان زەمینەیـان بـۆ ڕەخسـاندوون.

لە وڵاتێکی وەک ئێرانیشدا بەرهەمە سەرەتاییەکانی نیمـا یووشـیج سـەرەتا لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوبوونەتـەوە و لەسـەریان نووسـراوە، زەمینـەی ڕەخنەییـان بـۆ سـاز بـوو و بـەو شـێوەیە گوتارێکـی تـازە لـە بـواری ئەدەبیـات و شـیعر و ڕوانگەیەکـی نوێـی جوانیناسـانە هاتـە ئاراوە. لـە هەمـوو وڵاتانـی دنیـا ئـەوە بـاو بـووە و هەیـە، ڕامـان نەیهێشـتووە ئەو کەلێنـە بـە بەتاڵـی بمێنێتـەوە. بـەردەوام بەشـێکی بە نێـوی ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە بـۆ ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە لەسـەر کتێـب و بابەتـی نووسـەرانی بیانـی تەرخـان کـردووە. جـودا لـەوەی کـە بەشـی دەق و ڕەخنەشـی لەسـەر دەقـی نووسـەرانی کـورد هەیـە. هـەم دەقـی بابەتەکانیـان بـە چیـرۆک و شـیعر و شـانۆنامەوە بـڵاو دەکاتـەوە و لـە پەنـای ئەوانـدا ڕەخنـەی ئەدەبـی خـاوەن میتـۆد لەسـەر ئـەو دەقانـەش بـڵاو دەکاتـەوە.

**هـزر و فەلسـەفە:** بەشـێکی دیکـەی ڕامـان کـە گرینگـی پـێ دراوە بەشـی هـزر و فەلسـەفەیە. ڕامـان هـەر لـە سـەرەتاوە وەک گۆڤارێکـی کـە هەسـتیار بـوو بـە هێنانـە کایـەی زمانـی کـوردی لـە بـوارە جیاوازەکانـدا، یەکێـک لـەو بوارانـەی زمـان کاری پـێ کـراوە و زاراوەسـازی بـۆ کـراوە بـواری فەلسـەفە و بیـر کردنەوەیـە، تەنانـەت هـەر لـەو زەمینەیـەدا ڕامـان ئـاوڕی لـە بوارەکانـی دیکـەی زانسـتە مرۆییەکانـی وەک دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی و هـزر و فەلسـەفەش داوەتـەوە. ئـەو بوارانـەی کـە لـە دنیـای مۆدێرنـدا دەقـی تازەیـان پـێ نووسـراوە و پێویسـت بـوو ئـەو دەقانـە بخوێنرێنـەوە و وەربگێڕدرێنـە سـەر زمانـی کـوردی. بەشـێکی زۆر لەوانـەی گرینگیـان پـێ دراوە لەسـەر فەیلەسـووفانی گـەورەی دنیـا وەک دریـدا، هیـگڵ، فووکـۆ، هوسـرل، هایدگـەر، نیتشـە و ... بـە دەیان خوێندنـەوە و نووسـینیان لەسـەر بـڵاو بووەتـەوە. هەمـوو ئەوانـە لـە درێـژەی سـی سـاڵدا کاریگەریـان کـردووە کـە زمانـی فیکـر و فەلسـەفە لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا جێـی خـۆی بکاتـەوە و ئـەو زمانـە ببێتـە زمانێـک کـە نووسـەران بـە ڕەوانـی کەڵکـی لـێ وەربگـرن.

بەشـی زمانزانـی و زمانەوانیـش بەشـێکە کـە هەرچەنـد کەمتـر ئـاوڕی لـێ دراوەتـەوە، بـەڵام وا نییـە کـە لـە بیـر چووبێتـەوە. ئـەو بەشـە ناوبەنـاو بابەتـی لـێ بـڵاو کراوەتـەوە و پێویسـتە گرنگییەکـی زیاتـری پـێ بـدرێ، بەتایبـەت ئێسـتا کـە ڕامـان لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان خوێنـەری هەیـە

و نووسەران پێوەندییان لەگەڵی هەیە، پێویستە لەسەر بابەتی دروست نووسین، یاساکانی نووسینی ڕەوان، ڕێنووسی یەکگرتوو و ... بابەتی زیاتر بڵاوکاتەوە تا کێشە و ئاڵۆزی ئەو بوارانە بڕەوێ و کەمتر بێتەوە.

بەشێکی دیکەی تایبەت لە گۆڤاری (ڕامان)دا وتارە، ئەو بەشە هەم وتاری نووسەرانی کورد، هەم نووسەرانی بیانی لەسەر بابەتە جیاوازەکان دەگرێتەوە. ئەو بەشە زۆر ڕێخۆشکەرە بۆ وەچەی نوێ تا لەگەڵ دنیای ئەدەب و هونەری کوردی و هونەری جیهانی ئاشنا بن. شێوازەکانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی جیددی جیهانی بناسن. میتۆدە جۆراوجۆرەکانی ڕەخنەی دەق پرۆڤە بکەن و لەو دەلاقەیەوە لەگەڵ تیۆری و کردەییکردنی ئەو تیۆریانە لەسەر دەق ئاشنا بن. جودا لەوە لە بەشی خوێندنەوەی کتێبدا لە سی ساڵی ڕابوردوودا بە سەدان کتێب قسەیان لەسەر کراوە، بابەتیان لەسەر بڵاو کراوەتەوە، بە خوێنەران ناسێنراون و ئەو بەشە بەشێکی هەرە گرینگە و تا ئێستاش و لە داهاتووشدا دەتوانێ زەمینەسازی ئەوە بێ کە کتێبی کوردی برەوی زیاتر بگرێ. بازاڕی کتێب بە ڕمێنتر بێ و خوێنەری کورد کتێبە نوێیەکان، بابەتە نوێیەکان لە بواری بڵاوکردنەوەدا بناسێ، تەنانەت لەو ڕێگەیەوە دەکرێ باش و خراپەکان لێک جودا بکرێنەوە. بەشی کتێب لە دنیای ئەوڕۆدا لە هەموو گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەیە و بەشێکی گرینگە کە پێویستە ڕامان زیاتر گرینگی پێ بدا و وەک بەرنامەیەکی مانگانە لانی کەم مانگی کتێبێک لە بەرنامەی ناساندنیدا هەبێ کە بەردەنگ بیناسێ و بیخوێنێتەوە و لە ڕێگای نووسینی (ڕامان)یشەوە تا ڕادەیەک لەگەڵ نووسەر و شێواز و ستایلی نووسەرەکەشی ئاشنا بێ.

لە کۆتاییدا بەشی گوزارشتە کە لە هونەری شێوەکاری و مۆسیقاوە گرینگی پێ دراوە تا تەواوی هونەرەکانی دیکە. لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بەشانە قسە کراوە و جودا لەوە وتاری پسپۆڕانی ئەو بەشانە لە بەشی شانۆ و مۆسیقاوە تا باقی بەشەکانی دیکەی هونەر، بڵاوکراوەتەوە و گرینگی پێ دراوە.

کۆی ئەو قسانە بە ئەنجامێکمان دەگەیەنێ کە گۆڤاری (ڕامان) ئەو ڕێگا دووروودرێژە سی ساڵەیەی بڕیوە و بە پاراستنی هەموو ئەو بەشانەی کە باسی کراوە و دەوڵەمەندکردنی جار بە جاری ئەو بەشانە، هەنگاوی بەرزی بۆ پەرەپێدان بە ئەدەبیات، بەتایبەت ناساندنی نووسەر و هونەرمەندانی بەشە جوداکانی کوردستان بە یەکتر هەڵگرتووە. پێش ڕامان ناسیاری نووسەرانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان لە شێوەی بیرکردنەوەی یەکتر بەسترابووەوە بەو کتێبانەی کە لە ڕێی قاچاغەوە دەگەیشتنە بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە تایبەت ئەو دۆخە لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات زۆر باو بوو، بەڵام ئەو کتێبانەی کە دەگەیشتن نە ژمارەیان ئەوەندە بوو کە زۆرینەی خوێنەران بیانبینن و نە ئەوەندەی بەرهەمی نووسەرانی دیکەی دەگرتەوە کە ئێمە بتوانین لەگەڵ بەشێکی زۆر لە دەق و بیری نووسەرانی جیاوازی بەشەکانی کوردستان ئاشنا بین.

گۆڤارێکی وەک گۆڤاری ڕامان و گۆڤارە هاوشێوەکانی ئەو، کە لە دنیای نووسینی کوردیدا ئێستاکە دەگمەنن، حەولیان دا و بوونە دەلاقەیەک بۆ ئەوەی نووسەرانی کورد بە زۆری لەگەڵ بەرهەم، ناو، شێواز و کتێبی یەکتر ناسیاوی پەیدا بکەن و ئەوە زەمینەی بۆ سازکردنی گوتارێکی هاوبەش لە بواری ئەدەبیات و هونەردا پێک هێنا. بە دەیان نووسەر و شاعیری خاوەن توانست و داهێنەر لەو ڕێگەیەوە یەکیان ناسی و دەقیان بڵاوبووەوە. ڕامان ئەو دەلاقە پێوەندییە جێگەی متمانەیە بوو کە خوێنەرانی دەیانزانی بابەتی نووسەرانی جیددی و بەتوان و داهێنەری کورد لە بەشەکانی کوردستان لەو گۆڤارەدا بڵاو

دەبێتەوە، بۆیە نووسەرانی کورد پشتیان پێ بەست و حەولیان دا بابەتەکانی خۆیان بە هەر جۆرێک بێ، بگەیەننە گۆڤاری ڕامان، بۆ ئەوەی لەو سەکۆیەوە بتوانن لەگەڵ هەموو کوردستان و لەگەڵ هەموو نووسەرانی کورد پێوەندییان هەبێ و وتووێژ بکەن و دەق بگۆڕنەوە. سەرەڕای هەمووی ئەوانە، ئەو گۆڤارە گرینگی بە ڕەنگاوڕەنگی و جیاوازی بیروڕا داوە و لە ئەستەمترین ساتەکانی ناکۆکییە سیاسی و فیکرییەکانیشدا، گۆڤارێکی چەقبەستوو و ئایدیۆلۆژیک نەبووە کە شێوازێک لە ئەدەبیات، هونەر، زمان و بیر پەیڕەو بکا و پەرە پێ بدا و لا لە شێوازەکانی دیکە نەکاتەوە، یان نووسەرانی بەشێکی کوردستان و ناوچەیەکی دیاریکراو بە سەر بەشێکی دیکەدا سەرەتی بدا، بەڵکوو دەروازەی ڕامان کراوە بووە بە ڕووی نووسەرانی هەموو پارچەکانی کوردستاندا، بە هەر چەشنە بیروڕایەکی سیاسی و ئەدەبی و هونەرییەوە و تەنیا مەرج هونەری بوون و ئاستی ئەدەبی و میتۆدی دەقەکان بووە بۆ بڵاو بوونەوە.

بە کورتی دەتوانم بڵێم ململانێ و کێشە سیاسی و فکرییەکان لە سی ساڵی ڕابوردوودا، نەیانتوانیوە خۆ بە سەر گۆڤاری (ڕامان) دا بسەپێنن، بۆیە ئەو گۆڤارە دوای سی ساڵ یەستاش هەر جێگەی متمانەی نووسەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانە و ئەو دیاردەیەمان لە دووەمین فیستیڤاڵی (ڕامان)دا دیت کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان بەڕێوە چوو، دیتمان کە چۆن نووسەرانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان چالاکانە بەشداری ئەو کۆڕانە بوون و شکۆیەک کە کۆڕی گۆڤاری ڕامان لە دووەمین فیستیڤاڵیدا هەیبوو، لە کەمتر فیستیڤاڵی باشووری کوردستاندا بەدی کراوە. فیستیڤاڵی ساڵانەی ڕامان، توانی بە سەدان نووسەر لێک کۆوە کا، ئەو نووسەرانە بیروڕای خۆیان لەسەر بابەتی هەرە گرینگی وەک زیرەکیی دەستکرد، یان ژیریی دەستکرد و دۆخی ڕۆشنبیریی کوردی و ئەدەبیاتی کوردی و زمانی کوردی بخەنە بەر باس. باسەکان یەکجار جیددی و ئاکادیمیک خرانە ڕوو و بۆ یەکەم جار بوو کە گۆڤاری ڕامان بابەتی ژیریی دەستکرد و پێوەندی بە هونەر و کولتوور و فەرهەنگ و زمانی کوردییەوە خستە بەرباس، ئەوە دەست پێشخەرییەک بوو کە لە مێژووی نووسین و زمانی کوردیدا دەمێنێتەوە. لەو کۆڕەدا تازەترین بابەتی بەرباس لە دنیای ئەورۆدا کرابووە بابەتی ڕۆژ و بەپێشکەش کردنی چەندان پانێڵی زانستی و وتار لەو بوارەدا، ڕێگایان بۆ لێکۆڵینەوە و کاری زیاتر لە داهاتوودا خۆش کرد.

لە کۆتاییدا ئەو بابەتە وەبیر دێنمەوە کە ئەو ساڵ (٢٩)یەمین ساڵەی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ە، بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ستاڤی گۆڤاری ڕامان و بە تایبەت سەرنووسەری خاوەن توان، بیرمەند و پشوودرێژی ئەو گۆڤارە دەکەین کە توانیویەتی نزیکیی سی ساڵ لە تەمەنی بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەم و بیری نووسەرانی دیکە تەرخان بکا و زمان و ئەندێشە و میتۆد و ڕەوشی ئەوان بپارێزێ، تەنانەت بەردەوام حەول بدا بۆ دەوڵەمەندکردن و پێداچوونەوەی ئەو دەقانەش کە پێویستیان بە وردە دەستکاری و پێداچوونەوەیەک هەبووە.

بوونی سەرچاوەی بڕواپێکراو و جێگەی متمانەی هونەری و ئەدەبی لە دنیای ئەورۆدا، بۆ ئێمەی کورد، وەک هەموو گەلانی دیکە پێویستە، بە تایبەت ئەو سەرچاوانەی کە وەک (ڕامان) لە باری زمانی و هونەری و جوانیناسییەوە گرینگی بە دەقەکان دەدەن، هەر بۆیە پێویستە بیانپارێزین.